





# جووتە شێوازی بۆیە و نەخشی نینۆک


نینۆك هەمیشە بە لای خانمانەوە گرنگە. بۆیە زۆربەی ئافرەتان جوان کردنی نینۆك بە هەند وەردەگرن. لە دنیای ئارایشت و جوانکاریشدا هەمەجۆر بۆیە هەیە بۆ جوان کردنی نینۆك. ئێستا کە زستانە، خانمان زیاتر بایەخ بە نینۆکی پەنجەکانی دەست دەدەن، چونکە لەبەر سەرما گۆرەوی لە پێ دەکەن و نینۆکی پێیان بە دەرەوە نییە. بۆیە نینۆکی پەنجەکانی دەست زیاتر بایەخیان پێ دەدرێت. جاران خانمان ژمارەیەکی کەمی بۆیەی نینۆکیان لە بەردەمدا بوو. ئێستا کارگەکانی بەرهەم هێنانی ئارایشت زۆر گەشەیان کردووە، بە هەزاران جۆرە ئارایشت و پێداویستی جوانیی خانمان دەخەنە بازاڕەوە. هێندەی پەیوەندیی بە بۆیەی نینۆکەوە هەبێت، ئەوا ئەمڕۆ خانمان بژاردەیەکی زۆریان لە بەردەمدایە بۆ سوود وەرگرتن لە بۆیەی نینۆك. دوو چەشنی زۆر دیاری بۆیە کردنی نینۆکیش هەیە، یەکەمیان بەکار هێنانی بۆیەی سادەیە. دووەمیشیان بۆیەی نەخشینە. هەڵبەت خانمان ستایلی بۆیە کردنی نینۆکیان زۆر بەرەو پێش بردووە، بۆ نموونە دەکرێ هەر تاکە نینۆکێك ڕەنگێکی جیاوازی بۆ هەڵبژێرن. واتە هەر نینۆکەی دەست بە ڕەنگێکی جیا بۆیە بکرێت، یان ڕەنگی بەرامبەر بۆ جووتە پەنجەی بەرانبەر یەکی هەردوو دەست هەڵبژێرن. جگە لەوەی ئەمڕۆ بۆیەی نەخشین سیحر و جوانییەکی بێ ئەندازە بە نینۆکی خانمان دەبەخشێت. ئەوەی گرنگە کە نینۆك لە لای خانمان دەرفەت و بوارێکە بۆ نیشان دانی جوانی، کە بە قازانجی کەسایەتیی ئەوان دەشکێتەوە. سپی و سەوز و سوور و شین و زەرد، ئەمانە کۆمەڵە ڕەنگێکن دەکرێ نینۆکی پەنجەی خانمان جوان و ڕەونەقدارتر بکەن. بۆیەی نەخشینیش ستایلێکی دیکەیە لە جوانی کە لە نینۆکی خانماندا خۆی دەنوێنێ.



# ئێکسسوار بۆ ڕازاندنەوەی دەست

چەندین جۆرە ئێکسسواری هەمەجۆر لە بازاڕدا هەیە. ئەمانە بە شێوازی جیاجیا لە لایەن ئافرەتانەوە بەکار دێن. ئێکسسوار جوانییەکی تایبەت بە خانمان دەبەخشێت، ئەوانەی خاوەن سەلیقەیەکی بەرزن و دەیانەوێ جوانتر و ڕازاوەتر دەربکەون، چاك دەزانن چ جۆرە ئێکسسوارێك هەڵبژێرن. خانمان لە هەڵبژاردنی ئێکسسواردا دەبێ جۆری قژ و ڕەنگی پێست و بەژنی خۆیان لەبەر چاو بێت بۆ هەڵبژاردنی ئێکسسوارەکەیان. کچان زۆر بایەخ بە ئێکسسواری دەست و مەچەك دەدەن، چونکە جوانییەکی بێ ئەندازە بە خانمان دەبەخشێت. هەڵبەت خانمان وا ڕاهاتوون کە دەست و پەنجەی خۆیان بە خشڵی جوان وەك ئەنگوستیلە و بازن دەڕازێننەوە، ئیدی دەکرێ ئەو بازن و ئەنگوستیلەیە زێڕ بێت یان زیو یان باغە و جۆرە مادەی دیکە، گرنگ ئەوەیە خشڵی دەست و پەنجە لەگەڵ ڕەنگی پێست و جۆری دەست و مەچەك و پەنجەدا بگونجێت.





# پێڵاوی پاژنە بەرزی زستانە

پێڵاو لایەنێکی هەرە گرنگی جوانییە لە لای ئافرەتان. هەڵبەت ڕەچاو کردنی گونجانی ڕەنگ و شێوەی پێڵاو لەگەڵ ڕەنگ و ستایلی جل و بەرگ، ڕەونەقێکی تایبەت بە خانمان دەدات. وا باوە خانمان لە وەرزی زستاندا پێڵاو و پووتی پاژنە بەرز لە پێ دەکەن. ئەم جۆرە پووت و پێڵاوە لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی جل و بەرگدا دەگونجێت. ڕادەیەکی زۆری جوانی و ڕازاوەیی بۆ خانمان دابین دەکات. لێرەدا گرنگ ئەوەیە سەلیقەی هەڵبژاردنی ڕەنگ و ستایلی جل و بەرگ ڕەچاو بکرێت، بۆ ئەوەی خانمان بە جوانترین شێوە دەربچن. کابۆی جینز، ستریێج و تەنوورە، کە پێکەوە لەبەر دەکرێن، جینزی لوولی ڕاست ئەوەی پێ دەگوترێ (بۆڕی)، هەر یەك لەو جلانە شێوەیەکی ڕازاوە و ئاست بەرز نیشان دەدەن، کاتێك لەگەڵ پێڵاوی پاژنە بەرزدا لەبەر دەکرێن.

# کراسی درێژ و نەخشین بۆ ڕۆژی نیشان

جل و بەرگ گرنگترین کەرەستەی خۆڕازاندنەوەن بۆ ئافرەتان. کاتێك تۆی خانم بیر لەوە دەکەیتەوە بچێتە ئاهەنگێکی تایبەت، دیارە بیر لەوە دەکەیتەوە تۆ خانمێکی جوان و ڕازاوە و جێی سەرنج بێت. بۆ بەدەست هێنانی ئەو جوانییە لە نێو ئاهەنگەکەدا، باشترین کەرەستە جل و بەرگی جوانە. کاتێك خزمێکت یان دەستە خوشکێکت یان برادەرێکت نیشان دەکرێت، لە ماڵە باوکی کچە ئاهەنگێکی بچکۆلانە ساز دەکەن، کە ئەو کچەی ڕۆژی نیشان کردنیەتی دەستەیەك لە برادەر و دەستە خوشکانی خۆشەویستی خۆی، بانگ دەکات بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی نیشان کردنەکەیدا ئامادە بن. ئەوانیش هەوڵ دەدەن خۆشییەك بە سایەی ئەو بۆنەیەوە بنوێنن، دیارە جل و بەرگ یەکێکە لەو شتانەی کە کچان خۆشی و جوانیی خۆیانی پێ دەنوێنن. بۆیە خاتوونی بەڕێز ئەوەت لە بیر نەچێت، کاتێك بە نیازی بچی بۆ ئاهەنگی نیشان و دەسگیرانی، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك ئاهەنگێکی پڕ لە خۆشی و جوانی بەڕێ بکەن. کراسی نیشانی بە زۆر شێواز هەن، ئەو مۆدانەی زیاتر لە ماڵ و کاتی نیشاندا دەپۆشرێن، لای سەرەوەیان کراوەیە و بوار دەدەن خانمان لەو بۆنە تایبەتەدا جوانیی گەردن و شانی خۆیان بنوێنن. واتە ئەو جلانەی بەشی سەرەوەیان کراوەیە، کە سەر شان و بەشێکی ملیش دەردەخات. ئەم جۆرە کراسە، بە تەواوی سەرنجی دەوروبەر ڕادەکێشێ، خەڵکانی دوور و نزیك تەماشای دەکەن، ئەوان لە ئاست جوانیی ئەو خانمە سەرسام دەبن، بە گرنگییەوە لێی دەڕوانن، چونکە ستایلی کراسەکەی سەرنجڕاکێش و جوانە.





## شێوازەکانی هاتوچۆی جاران

بەر لە پەیدا بوونی ئوتۆمبێل لە کوردستان و عێراقدا، هاتوچۆی خەڵك ئەستەم و بە ڕێی دیکەی جودا لەو ئامرازانەی ئێستا لەبەر دەستن. جاران گرنگیان بە وڵاخ داوە بۆ بەجێ گەیاندنی کاروباری ڕۆژانەیان. دواتر بیرۆکەی دروست کردنی ئامێری وەك عەرەبانە و ئامێری دیکە هاتە ئاراوە. پاشان مرۆڤ توانیی بەسەر ئەرکی قورسی ڕۆژانەیدا زاڵ بێت، بۆیە بیرۆکەی بەکار هێنانی وڵاخ و عەرەبانە هاتە ئاراوە. ئەو عەرەبانانە لە دوو تایە یان چوار تایەی گەورە پێك هاتبوون، زۆربەی بەشەکانیان لە دار دروست کرابوون، بەشە سەرەکییەکەشیان لە ئاسن بوو. عەرەبانەش دوو جۆر بوو، ئەوانەی لە کوردستاندا بەکار دەهێندران، لە دەرەوەی وڵاتەوە دەهێندران یان بە شێوەیەکی سادە لێرە دروست دەکران. ئەو دوو جۆرە عەرەبانەیەی کە هەبوون، ئەوانەی دوو ئەسپ ڕایان دەکێشا، پێی دەگوترا (یایلی)، ئەوەی بە ئەسپێکەوە بوو پێی دەگوترا (تریشقە). ئەم جۆرە عەرەبانانە زیاتر لە شارەکانی کەرکووك و سلێمانی و هەولێر گرنگییان بەو لایەنە دراوە. سەرەتای پەیدا بوونی یایلی و تریشقە لە شارەکانی کوردستان بۆ ساڵانی (١٩٣٨ و ١٩٣٩) دەگەڕێتەوە، کە تا ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردووش بەکار دەهێندران. عەرەبانەی ئەو ڕۆژگارە ڕۆڵی تەکسی ئەمڕۆی هەبوو. وا باو بوو ئافرەتان بۆ داوا کردنی عەرەبانە، منداڵیان دەنارد، ئینجا عەرەبانچی بە تریشقە و یایلییەوە دەهاتنە بەر دەرگای ماڵان و ئافرەتان سوار دەبوون و بۆ شوێنی مەبەست دەچوون، هەروەها بۆ گواستنەی شتومەك و کەل و پەل.



## درێژترین خانمە بووک ببینە

درێژیی بەژن و باڵا بەپێی مرۆڤەکان جیاوازیی هەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، وێڕای ئەوە، هەر کەسە بە بەژن و باڵای خۆی ڕازی نییە، ئەوەی باڵای درێژە دڵێ حەزم دەکرد باڵام مام ناوەند بوایە، ئەوەی هەندێك کورتە، حەز بە باڵای بەرز دەکات، بەڵام ئەو کچە خاتوونە گوێ بەو شتانە نادات، شانازی بە باڵای بەرزی خۆیەوە دەکات. (ئەنستازیا) ئەو کچە باڵا بەرزەیە لە وڵاتی (پیرۆ) دەژی، تەمەنی (٢٤) ساڵە و درێژیی باڵای دەگاتە دوو مەتر و پازدە سەنتیمەتر، لەم وێنەیەدا لە ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەریەتیی خۆی لەگەڵ دۆستە نزیکەکانیدا وێنەی گرتووە. دەبینن کە هاوڕێکانی هێندەی نیوەی باڵای ئەو کچە دەبن.

## باره داری زستانه!

لەگەڵ هاتنەوەی سەرمای زستاندا، پلەکانی سەرما نزم دەبنەوە، بەمەش سەرما و سۆڵێکی کاریگەر باڵ بەسەر کەشی کوردستاندا دەکێشێت. ئەمەش زیاتر لە ناوچەی شاخاوی و گوندنشیندا دەبێ. بۆ ئیدارە کردن لەگەڵ ئەو سەرمایەی زستان، لە خانووی گوندەکاندا، سۆپای دار هەیە، کە بە دار کار دەکات و گەرمایەکی زۆر دەدات، دیمەنێکی جوانیشی هەیە، سەرچاوەی ئاگری سۆپای دار، هەڵبەت بە ناوەکەیڕا دیارە کە هەر دارە. گوندنشینان پاییزان خەمی دار کۆ کردنەوە دەگرنە ئەستۆ. ئەو پرۆسەیەش پێی دەگوترێ دار بڕین و دار کۆکردنەوە، لەگەڵ هاتنی وەرزی پاییزدا، گەڵای داران دەوەرێن و داریش وشك دەبن، بۆیە لەم وەرزەدا پیاوان و ئافرەتانی گوند، دەست بە کۆکردنەوەی دار دەکەن. ئەمەش بە هێنانی دار لە شاخەوە یان لەو شوێنانی دوورەوە بۆ ناو گوند و کەڵەکە کردنی. دوای ئەوەی ئەو دارەی دەبڕدرێتەوە، پارچە پارچە دەکرێ، ئنجا بۆ ماڵ و ناو گوندی دەیگوازنەوە، بەڵام هەنگاوی یەکەم ئاسانترە و کە لە شوێنی داربڕنەوەکە دارەکە پارچە پارچە دەکرێ، دواتر دەکرێ بە بارێك و لە سەر یەك دادەندرێ، ئەوەش پێی دەگوترێ (بارەدار). دواتریش ئەو بارە دارە بە پشت یان بە پشتی وڵاخ دەهێندرێتەوە و لە ماڵ دادەندرێ و لە زستاندا بەکار دەهێندرێت.







## باڵەخانە لە شێوەی مرۆڤ دروست دەکرێت

چینییەکان جگە لەوەی بە وڵاتی دایك ناســراون لە بواری ســەیر و ســەمەرەدا، کە هەر چی حاڵەتی ســەیری جیهانە ســەرچاوەکەی ئەو وڵاتەیە، جگە لەوەی خەڵکی چین بایەخ بە لایەنەکانی ســەیر و ســەمەرە دەدەن و حەز بە ناوبانگیش دەکەن، دەیانەوێ هەرچی پشــکی ئەو بوارەیە بۆ ئەو نەتەوەیە بێــت. بەم دواییە یەکێك لە بیرۆکە ســەیرەکانیان کە جێگەی ســەرنجە، داپۆشــین و دروســت کردنی ڕووکار یان بەشــی دەرەوەی باڵەخانەکانە لە شێوەی ڕوخساری مرۆڤ، بەتایبەت کەسایەتگەلی مێژوویی خۆیان، هەروەها پیشان دانی شێوازی جل و بەرگی کۆنینەی خۆیان، ئەمەش بە داپۆشینی باڵەخانە گەورەکانی وڵاتەکەیان بەم شــێوە کەسایەتی و جل و بەرگانە، وەك لە وێنەکاندا دەیبینن، چۆن (٣) باڵەخانەی گەورەیان بەم جۆرە ئامادە کردووە، هەر یەکێکیان نزیکەی (١٠) نهۆم دەبێت و نزیکەی (٤١) مەتر بەرز دەبن.

## شێوە سەیرەکانی کەرەستەکانی ماڵ


بیرۆکە ســادەکان، لە ئەنجامدا دەبن بە شــتێکی بە سوود، ئەوانەی لەو لایەنەدا کارەکانیان دەســت پێ دەکەن، بە هەمان شــێوەش لــە ئەنجام ڕازیــن و دوای ئــەوەی بیرۆکەیەك بە مێشکیاندا دێ، دواتریش هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێی دەکەن، گەلێ جاریش ئەو کارانە دەبنە مایەی ئەنجامێکی گرنگ لە کەرەستە و شتومەك، یەکێك لە کۆمپانیاکانی بولگاریا، کاری دروست کردنی کەرەستەی ماڵە دوور لە شێوەی خۆی، ئەگەر وەك نموونە وەریبگرین، دروست کردنی قەنەفەی دانیشتنی ماڵە، هەموومان دەزانین شێوازی قەنەفە چۆنە، تەنیــا هەندێك گۆڕانکاری لە قەنەفەیەك بۆ یەکێکی دیکە دەبیندرێ، بەڵام ئەوەی تایبەتە بەو کۆمپانیایە، شێوەی تەواوی کەرەستەکان بە جۆرێك دەگۆڕێ، تەنانەت بە جۆرێکــی دیکەیان دەردەخات، وەك ئەو چەند قەنەفەیە کە لە سەر شێوەی جەستەی مرۆڤ و گیانداران دروست کراون.







## وتەی ناوداران



**ڤۆڵتێـــر دەربارەی نیگای ئافرەت دەڵێ :**

نیگای ئافرەت دەسەڵاتی بەهێزترە لە یاســاکان، فرمێسکەکانیشـــی بەڵگەی بەهێزتـــرن لە بەڵگەکانی ژووری دادگاکان.



## تابلـــــۆ

ئەمە یەکێکە لـــە تابلۆکانی (جۆن ویلیـــەم وترهاوس)ە و کە لە ســـاڵی (١٨٤٩) لـــە ڕۆمای ئیتاڵیا لە دایك بووە و لە ساڵی (١٩١٧)دا لە وڵاتی ئینگلتـــەرا کۆچی کـــردووە، یەکێك لە خەســـڵەتە جوانەکانـــی تابلۆکانی شێوەیەکی کلاسیکی پێوە دیارە و لەم وێنەیەدا باس لە ئافرەت و ئیشکردنە، هەروەهـــا لەو کاتەی کـــە ئافرەت لە کاتی بیرکردنەوەیەکی جوان و قوڵە.

## وتــــە

**- لە ڕەشترین ڕۆژی ڕەشت بێ ئومێد مەبە، چونکە ئەوە بزانـــە باران لە ژێـــر هەوری ڕەشەوەیە.**

## هونەری وێنەکێشان لەسەر دار و درەخت

هەڵبەت هەندێك لە بیرۆکەی سادە، وا دەکات ببێتـــە ئەنجامێکی گەورە لە کارەکەدا، بواری وێنەکێشـــان جگە لەوەی هونەرێکی زیندووە و زۆربەی خەڵك حەزی پێدەکـــەن، لەم وێنەیەدا کـــوڕە گەنجێکی ئەڵمانـــی بە ناوی (دانێل ســـێرەنگ)، لە ڕوانگەیەکەوە کاری لەسەر ون کردنی قەدی دارەکە کـــردووە، ئەمـــەش بە بۆیـــە کردن و وێنەکێشـــان لەســـەر دارەکە، تاوەکو لەگەڵ وێنەی دواوەی دارەکە تێکەڵ بێت، تەنانـــەت وەك ئەوە دیار بکەوێ بەشێکی دارەکە بڕاوەتەوە.



## زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (زستان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە،
بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکە لە دانەوێڵە دروست دەکرێ و گوێدرێژ دەیخوات)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خەڵاتێکی سینەماییە و لە وڵاتی فەڕەنسایە)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکەی هەوا)
- پیتی خانەکانی (٣+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سەر)



## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی گۆرانیبێژێکی کۆنی کوردت بۆ دەردەچێت : مامڵێ

ا م م ێ ل


وەڵامی ژمارەی پێشوو : حەمرین



## نوکتە


■ جارێکیان یەکێك بۆ یەکەمین جاری دەبێت دەچێتە سینەما، لە فیلمەکەدا، (گا)یەکی سەر شێت بە نێو خەڵکدا دەکەوێ و ئەو کەسەش دەترسێ و هەڵدەستێتەوە بچێتە دەرەوە، خەڵکەکەش دەڵێن : دانیشە ئەوە فیلمە خۆ ڕاستی نییە، ئەویش گوتی : دەزانم ئەوە فیلمە، بەس ئەو (گا) سەر شێتە چ دەزانێ فیلم و سینەما چییە!

■ منداڵێك بەلای دووکاندارێك تێپەڕ دەبێ و دەڵێ: ترێ هەیە، دووکانداریش گوتی نەخێر نییە، منداڵەکە زیاتر لە جارێك ئەو پرسیارە دەکات و دووکاندارەکە بێزار دەکات، دواتر دووکاندارەکە توڕە دەبێ و دەڵێ: ئەوجارە پرسیار بکەیەوە، بە گوریس هەڵتدەواسم، منداڵەکە ماوەیەکی دیکە دێتەوە و دەڵێ: گوریس هەیە ؟ دووکاندارەکەش دەڵێ نەخێر نییە، منداڵەکەش دواتر دەڵێ: ترێ هەیە!



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

وا بەئاسانی بڕوا بەو کەسە مەکە کە دەمێکە خۆت لێ نزیك دەکاتەوە و دەیەوێت بەشێوازێکی باش خۆی نیشانی تۆ بدات، چونکە لەوانەیە تووشی سەرئێشەت بکات.




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

نابێت هەر ڕۆژەو بڕیارێکت هەبێت، خۆت یەکلایی بکەوەو دوو دڵ مەبە، پێویستە زیاتر بڕوات بەتوانای خۆت هەبێت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پێویستە خۆت یارمەتی خۆت بدەیت، لەوانەیە ناچار بیت بەهەندێك چارەسەر ڕازی بیت کە پێشتر بیریشت لێ نەکردبووەوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ڕاستە ناتەوێت دڵی دۆستە خۆشەویستەکەت لێ بڕەنجێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پاشەڕۆژی خۆت لەبەر چاو بگریت.




### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەڕۆژانی ڕابردوودا ڕادەی زیرەکی و لێهاتووییت بەدەر دەکەوێت، پێویستە باری ئارامی و هێمنیی خۆت لەدەست نەدەیت، خۆشت لێ نەگۆڕێت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەو ڕابردووەی کە دەمێکە دەتەوێت لەبیر خۆتی بەریتەوە، بەناچاری جارێکی دیکە دووچاری دەبیتەوە، بۆیە پێویستە لە پێشوو زیاتر خۆڕاگرتر بیت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەم ڕۆژانە داوای چەند کارێکت لێ دەکرێت، پێویستە زیرەکانە ئەنجامی بدەیت ئەگینا کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ڕەوتی ژیانت.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بەم زوانە چەند هەڵوێستێکی سەرسوڕهێنەر دەبینیت، لەوانەیە بۆ تۆ جێگای مەترسی بێت، هەموو کەس هەڵە دەکات، بەڵام زۆر کەس دانانی پێدانانێت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەو سەردانەی کە خەریکیت ئەنجامی بدەیت دوای نەخەیت، بەززووترین کات ئەنجامی بدە چونکە دەسکەوتی باشی دەبێت گەر بەوریایی ئەنجامی بدەیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەوانەیە تووشی دەمەقاڵێیەك بیت لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەت، بەهێمنی و زیرەکی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکە، نەهێڵیت توڕەبوون و هەڵچوون بەسەرتا زاڵ بێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕاکردن لەکێشەکان هەرگیز چارەسەر نییە،کێشەکان پشتگوێ مەخەو هاناش بۆ دوژمنانت مەبە، تەنها پرس بەدڵخوازەکەت بکە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەو ڕووداوەی هەفتەی ڕابردوو کە زۆر ماندووی کردووی، زۆری پێناچێت بۆت ڕوون دەبێتەوە کەخۆت بەهەڵە هەڵسوکەوتت کردووە.